# هەڵبژاردن یان ڕیفڕاندۆمێکی نەتەوەیی گەورە ...

خەسرۆ پیربال

هەڵبژاردنی ڕۆژی 15-12-2005 , جگە لەوەی بەشێکی گرینگی پرۆسەی دیموکراسی بوو لە سەرتاسەری عیراق و بەتایبەتی بۆ میللەتی کوردستان , لەهەمان کاتتدا, پەرچدانەوەیەکی بەهێزو و کاریگەربوو بەرامبەر ئەو هەموو پڕوپاگەندە ناشرینەنانەی دەرهەق بە سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی و درزخستنە نێوانی ڕۆڵەکانی میللەتەکەمان بە شێوەیەکی ڕێك و بەبەرنامەیەکی تێرو تەسەل, دووژمندارانە ئەنجام دەدرا

ئەو هەڵمەتە بەرفراوانەی لاوان و پیرو ئافرەتانی میللەت کە بەشێوەیەکی سەرتاسەری هەموویان پاش دەنگدان هاتنە سەر شۆستەکان و لە هەموولایەکی وڵات , بە ئاهەنگ و گۆرانیەوە بەشداریان لەو ڕێفراندۆمە نەتەوەییە کرد , ڕۆیشتنی هەموویان بەرەو سندووقەکانی دەنگدان , تەنها بەشدارییەکی ئاسایی نەبوو , وەڵامدانەوەیەك و هەڵوێست وەرگرتنێکی نەتەوەیی بوو , بۆ سەرۆکایەتی کوردستان و خوودی جەنابی سەرۆك مەسعوود بارزانی.

بەشداری خەڵکی کوردستان لە ناوەوە و لە هەندەران , دووبارە نوێکردنەوەی پەیمانێکی نەتەوەی بوو بۆ بارزانی سەرۆك و ڕابەڕ, نوێبونەوەی خۆشەویستی گەل و نیشتیمانە بە سەرکردەیەکی حەکیم و لیوەشاوە .

وەکوو نمونەیەکی مێژوویی و هاوشێوەش , ساڵی 1968 , لە فەڕەنسا , کاتێك جەنەڕاڵ شاڕڵ دیگۆڵ سەرۆك بوو , لە پاش کابینەی یەکەمی حکومەت , خەڵکانێك دژ بە تێڕوانین و سیاسەتەکانی جەنەڕاڵ , کەوتنە تیرو تووانج و بینینەوەی گرفتی تایبەت و نانەوەی ئاژاوا هەموو هەوڵێکیشیان تەنها بۆ لاوازکردن وسووکایەتیپێکردنی جەنەڕاڵ دیگۆڵ بوو , بە مەبەستێك بوو واز لە دەسەلات بهێنێت ٬ ووردە ووردە لە بەرنامە نەتەوەییەکەی دوور بخەنەوە , ئەوساتە دیگۆڵ , بۆ ماوەیەك لە گووندێکی ئەڵمانیا لە پشووێکی خۆیدا بوو ... پاش بیرکردنەوە , بڕیارێکی گرینگی دا و داوای لە گەلی فەڕەنسا کرد , لە پرۆسەیەکی سەرتاسەری دووبارە بەڵێن و پاڵپشتی خۆیانی بۆ بەیان بکەن و لە ڕێفراندۆمێکی گەورەدا , سەرجەم میللەتی هێنایە سەر شۆستەکان ..گەلی فەڕەنسی دەنگ و بەڵێنی خۆیان دایەوە دیگۆڵ و ناحەزانیشی شکستێکی گەورەیان خوارد.

ئەو کەڕنەڤاڵە نەتەوەییی 15-12 , پەیامێکی درووست و بەهێز بوو بۆ ناحەزان و دووژمنان کە دەبێت بزانن کە کورد یەکگرتوو و بەهێزن و بیرو باوەڕیان بە سیاسەتی حەکیمانەی سەرکردایەتی خۆیان هەیە و لەکاتە ناخۆش و چارەنووسسازەکاندا , هەمیشە بەیەك هەڵوێستەوە دەمێننەوە و بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانی خۆیان لەسەرووی هەموو شتێکدا دادەنێن , وەهەر جیاوازیەکیش و گرفتێکمان لەنێواندا بێت , نابێتە بەربەستێك بۆ کاری هاوبەش و هەماهەنگی نێوانمان .

**میللەتی کوردستان , پاش ئەو ڕێفراندۆمە نەتەوەییە نویٚ دەبێتەوە و لەژێر ئالأی کوردستان و حکومەتێکی نوێی یەکگرتوودا , کار بۆ دووبارە دروستکردنەوەی وڵات و ژێرخانی ئابووریمان دەکات.**

**دەرەنجامی ئەو هەڵبژاردنە , دووبارە متمانە پێدانێکی گەورەی نەتەوەیی بوو بۆ سەرۆکایەتی کوردستان و سەرجەم هێزولایانە سیاسیەکانی هاوپەیمانیەتی کوردستان. لێرەشدا دەبێت هەموومان لەئاستی ئەو خۆشەویستیە گەورەیەی میللەت و سەرجەم چینە جیاجیاکانی بین و بەووردی و بەجیدی کار بۆ باشبوونی گوزەران و ژیانی خەڵك بکرێت و وڵات جوان و خۆش و ئاوەدان و ڕووناك بکەینەوە .**

**خەسرۆ پیربالٚ /**